# پۆشاكی موسوڵمان تا نیوەی قاچ-لاق- یەتی، گوناهـ نیە وهیچی لەسەر نیە ئەگەر پۆشاك لە نێوان نیوەی لاق وقولە پێیەكان بێت، ئەگەر لە خوار قولە پێیەكان بێت ئەوا لە ئاگردایە، هەركەسێك پۆشاكی شۆڕ بكاتەوە بۆ فیز وخۆبەگەورەزانین ئەوا الله سەیری ناكات

لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پۆشاكی موسوڵمان تا نیوەی قاچ-لاق- یەتی، گوناهـ نیە وهیچی لەسەر نیە ئەگەر پۆشاك لە نێوان نیوەی لاق وقولە پێیەكان بێت، ئەگەر لە خوار قولە پێیەكان بێت ئەوا لە ئاگردایە، هەركەسێك پۆشاكی شۆڕ بكاتەوە بۆ فیز وخۆبەگەورەزانین ئەوا الله سەیری ناكات».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان كردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی كردەوە كە ئیزاری پیاوی مسوڵمان (ئیزار: ئەو پۆشاكەیە كە نیوەی خوارەوەی لاشە دادەپۆشێت)؛ ئەم ئیزارە سێ حاڵەتی هەیە: یەكەم: سوننەتە پۆشاكی پێی موسوڵمان تا نیوەی قاچ-لاق-ی بێت. دووەم: دروستە لە نیوەی قاچی تا قولە پێیەكان بێت، وهیچی لەسەر نیە. سێیەم: حەرامە پۆشاكی پیاوی موسوڵمان لە خوار قولە پێیەكانی بێت، وترسی بەركەوتنی ئاگری لەسەرە، وئەگەر بۆ فیز و لووتبەرزی و خۆشی و گوێنەدان بێت بە پەیامی ئیسلام ئەوا الله سەیری ناكات.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee